ئەفسانەی سیزیف
نووسەر: ئێحسان تەبەری
وەرگێر: مەنسوور سدقی

ئەفسانەی سیزیف[1] پاش ئەفسانەی پرۆمتە[2] یەکێک لە ئەفسانە ئوستوورەییە هەرە جوانمێرانە و پڕ ماناکانی جیهانە. ئالبر کامۆ، نووسەری فڕانسی لەسەر بنەمای جیهانبینیی خۆی، گێرانەوەیەکی دیکەی لێ نەخشاندووە. واتە گەرەکی بووە لە ڕێگەی ئەم ئەفسانەیە بێهوودەبوونی ژیان لەم دنیایەدا پێشان بدات (دوایین ئازار و ئەشکەنجەی سیزیفی لە دۆزەخدا بە ژیانی مرۆڤی ئەم دنیایە وێنا کردووە). ئالبر کامۆ ناوی "ئەفسانەی سیزیف"ی بۆ کتێبەکەی هەڵبژاردووە. بەڵام وەک لە نیوەڕۆکی ئەم نووسراوەیەدا بۆتان دەردەکەوێ، نووسەری ئەم دێرانە ئەفسانەکە بە مەبەستێکی تەواو پێچەوانە دەنەخشێنێتەوە.

*******

"کۆرینت"[3] شارێکی گەورە بوو، بەتایبەت لەچاو شارە دەستەخوشکەکانی وەک "تیبە"[4]، "سپاڕتا"، "ئاسینا" و لەنێو باژێرەکانی دیکەی وڵاتی "پێلۆپۆنیسوو"دا، بەناوبانگتر و ڕازاوەتر بوو. خەڵکانێکی فرە تێکۆشەر و هونەرپەروەری هەبوو. پاپۆرە بازرگانییەکانی ئەمسەر و ئەوسەری وڵاتە گەرمێن و سەردینەکانییان دەکرد؛ لە میسری هەمیشە خۆرگیرەوە بگرە هەتاکوو بەندەرەکانی فینیکیا و لێواری ئاوەکانی ئیژە و مەڕمەڕە، کەلوپەلی بەنرخیان دەگواستەوە. فەیلەسۆفەکانی شار لەژێر سەیڤانەکانی گۆڕەپانی بەردەمی پەرستگەی شکۆمەندی ئاپۆلۆندا بەردەوام سەرقاڵی بلاوکردنەوەی هزر و باوەڕمەندییەکانی خۆیان بوون. بازاڕەکان جمەیان دەهات و پیشەروەرانیش داستانگەلی خودایان و پاڵەوانان و کیژۆڵە پاشماڵەکانی پەرستگەکان و جەنگاوەرانی بەرگریکاری شاریان بە نیگارگەلی زێڕ و زێوین لەسەر کاسە و گۆزە گڵینەکان دەنەخشاند.
ئەو شارە میرێکی هەبوو بەناوی سیزیف، کوڕی "ئیۆلێس" خودای زریانەکان. سیزیف پیاوێکی گەلێک ئازا و زانا و دلێر بوو، مرۆڤێکی باڵا بەرزی جوانکیلانەی بەشان و باڵ و بەتواناش بوو، و لە بنەڕەتەوە شاری کۆرینتی ئاوەدان کردبووەوە؛ شەقام و گۆڕەپانەکانی شاری بە ئەستوون و پەیکەرگەلی مەڕمەڕین ڕازاندبووەوە. لە سەرانسەری یۆناندا کەس نەبوو لە لێهاتوویی و کارامەییدا شان لە شانی بدات.
هێرمس، تەتەری خوداوەندان، بە هەموو فێڵ و فێڵبازییەکانییەوە، "ئاسینا"، کچی زیووس و یەزدان بانووی هزر بە هەموو زانایی خۆیەوە، ئاپۆلۆن خوداوەندی خۆر و تیشکی نوور بە هەموو هیز و توانایەوە لە بەرامبەر زانایی و لێهاتوویی سیزیفدا، مات و تاساو مابوونەوە. چما سیزیف نەک ژەنیارێکی پەنجەنەخشینی تەموورە و ئاوازبێژێکی دەنگ ناسک بوو، بەڵکوو لە نێزەک هاوێژی، شیرڤانی و مەرتاڵڤانی و خەنجەر وەشاندنیشدا هاوتای نەبوو؛ هەڵبەستڤانێکی ڕەوانبێژ و فەیلەسۆفێکی بیرقووڵ بوو. هەر بۆیە خوداوەندانی ئۆلیمپ ئیرەییان پێ دەبرد. ئاخر ناوی پیرۆزی سیزیفی زەمینی، کەبکەبەی ئاسمانی ئەوانی خەوشدار کردبوو؛ مرۆڤە بەهێز و تواناکانی سەر زەویش، شکۆمەندیی ڕەبانی خوداوەندانیان ڕەش کردبووەوە.
دیارە سیزیف گەلێک شانازی بە مرۆڤبوونی خۆی دەکرد، بە بەختەوەریی و گەشانەوەی هاووڵاتیانی زەمینیی خۆی دەبووژاوە و بە پەژاری و خەمگینییان، دەهەژیی و گاڵتەی بە خوداوەندان دەکرد و بەوپەڕی تووورەییەوە دەیگوراند: "هۆ ڕوورەشانی ئۆلیمپ، هەی زەنجیرکەرانی پرۆمتە، هەی نقومبووان لە گەنداوی هەوسبازی و لووتبەرزی، هەی

[1] یان" سیسیفۆس".- و.
[2] یان پرۆمیسێس، خوداوەندی بەرگریکاری مرۆڤەکان.- و.
[3] یان کۆرینتۆس.- و.
[4] تیبە"، " تیڤا" یان "سیڤا" (Thiva, Thebe).- و.

هەناو پیسانی دڕندەی یەزداناو، هەی نزیکبینانی خۆ بەزلزان و فریوکارانی کەبکەبە پێهوودەکان! من لێرەوە لەبەر ئەو کردەوە ترسناکانەی کە لە هەناوتان دەتکێنەوە، هەمووتان وەبەر بارانی نفرینی مەرگ دەدەم و تەنیا ئاواتم ئەوەیە دەستم بگاتە سەیقانی تەختی ئیوە و کۆشک و تەلارەکانتان تەرت و توونا بکەم".

وەک ڕۆژ ڕوونە کە خوداوەندانیش لێی توورە بوون و دوژمنانە دەیانڕواندە سیزیف و نفرینیان دەکرد. بەڵام سیزیف حەنەکی بە تورەیی و بێدەسەڵاتی خودایان دەهات؛ چونکوو لە ناخی دڵی خەڵکدا جێی گرتبوو و شاروومەندانی "کۆرینت" لەژێر سایەی ئەودا لەوپەڕی بەختەوەریدا دەژیان: مەڕ و ماڵاتێکی بێژمار، باخ و بێستانێکی سەر سەوز، دەفرە شەڕابە یاقووتییەکان لیپاولیپ، کۆگاکانی دانەوێڵە زێرینەکان ئاخنراو، ناوبانگی شاری "کۆرینت" و میرە خەمرەوێنەکەشی گەیشتبووە چوار سووچی جیهان.

کاتێک زیووس، خوداوەندی خودایان دەخزێتە نێو خێوەتگە بۆ خەو و ئاپۆلۆن دەچێتە پاڵ ڤینووس بۆ ڕابواردن، نۆ یەزدان بانووی هونەرەکان کە بە "مووزانی زێرین پۆر" ناسراون[5]، لە شەقەی شاباڵیان دەدەن و لە لووتکەی ئۆلیمپەوە هەڵدەفڕن و دەگەنە شوورای قەڵای "کۆرینت" و بە وێنای شەش کیژۆڵەی یۆنانی دەچنە بەر دەروازەی کۆشکی سیزیف و لە دەرگا دەدەن.

سیزیف دەیزانی ئەو نۆ دەستەخۆشکە نێوبەنێو سەردانی دەکەن و هەر جاریش بە تیشکی هونەر و زانست و فەلسەفە دەیخەمڵێنن. بۆیە هەر دەنگی کیژۆڵەکان دەبیسێ، بەرەو پیریان دەچێ و لە ژێر سێبەری دارەکان و ڕووناکی مانگدا، لەسەر تاتە کورسێکی مەڕمەڕین و لە ژێر باڵی پەیکەرێک لە مەڕمەڕی سپی و سۆڵ، دەگەڵ کیژۆڵان ڕۆدەنیشێ و دەفەرمێ با جامە زێڕینەکان پرکەن لە شەڕاب، بەڵام یەزدان بانووەکان خەمگین دەبێنێ و پەیجووریان دەبێ. "کلیۆ"، مووزی دیرۆک و "ئۆرانیا" مووزی ئەستێرەناسیی دەڵێن: "ئەی سیزیف! هەواڵێکی شووممان بۆ تۆ پێیە، زیووس خوداوەندی خودایان، فەرمانی داوە بە براکەی "ئایید"[6]، فەرمانڕەوای دنیای تاریکی و مەرگ تاکوو بەیانی "تانات"[7]ی توورە، فریشتەی گیان هەڵکێشان و مەرگ بنێرێتە کۆشکی تۆ، و بڕیارە کاتێک تۆ بەوپەڕی مێهرەبانییەوە دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی شار دانیشتووی و خەریکی ئاڵوگۆری بیروڕای، بەئەسپایی لە کونێکەوە بخزێتە نێو هۆدەکەت و گەوهەری گیانت لە خەزێنەی جەستەت پڕفێنێ. ئامان ئەی سیزیف! زۆر مخابن بۆ تۆی جوان و جوامێر بخرێیەی مەملەکەتی ساگات و خەو، و لە وڵاتی داماویی و تاریکیدا نیشتەجێ بکرێی کە شەپۆلە زەمهەریرەکانی ڕووباری "ستیکس" هەرچی تینی ژیانە دەیکوژێنێتەوە و دڵۆپێک لە کانیاوی "لێتە"[8] تەواوی بیرەوەرییە دڵڕفێنەکانی ژیانت ڕەش دەکاتەوە، دەکەوێ وڵاتێک کە خوداوەندەکان هەرچی ئازار و کۆژان لە هەمبانەیاندایە بۆ چارەڕەشیی مرۆڤ، بۆ کوێرەوەری هەواڵانی پرۆمتە، بەکاری دێنن.

هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ پڕاوپڕ دەبێ لە ژیان و شەیدا و سەرخۆش دەبێ پێی، ڕێک لە هەمان دەم بە نۆشینی چەند قومێکی ئەو دەفرە، هێدی هێدی ئازاری تاڵی نەمان لە پنج پنجی جەستەیدا پەل دەگرێ. بۆیە بێگومان چێژ و وێژ لە شیرینیی خۆشاوی ژیان نابینێ مەگەر گازی و گازندە لە تاڵییەکەی نەگرێ. سیزیف کاتێک لە ڕێگەی مووزەکانەوە لە پەندی شوومی زیووس ئاگادار دەبێتەوە، لە دنیای قووڵی بیرکردنەوە نووقم دەبێ و لە چارێک دەگەڕێ تا لەو چارەڕەشییەی بەربینگی پێ گرتبوو ڕزگاری بێت. بۆیە فەرمان دەدا لەسەر ڕێگەی "تانات"، چاڵێک هەڵکەنن و زارکی بە حەسیرێک داپووشن و بە خاک لەبەر

---

[5] "مووز"ەکان، نۆ فریشتەی زۆر جوان بوون کە وەک خزمەتکاری خوداکانی ئوستوورەییە کەونارەکانی یۆنانی ناویان هاتووە و هەر یەکیان لە بوارەکانی هونەری و زانستیدا خاوەن لێهاتوویی بوون و هاموشۆیان لەگەڵ مرۆڤەکان هەبووە و لە سەردانیان بۆ هەر مرۆڤێک هەست و لێهاتوویی خۆیانیان بۆ گواستوونەوە.– و.

[6] هەمان "هادێس"ە براگەورەی زیووس. خوداوەندی دونیای تاریکی ژێر زەوی.- و.

[7] یان " تاناتۆس".- و.

[8] Lêthê.- و.

چاوان ونی بکەن. خۆشی لەو سەری ڕێگەکە لەسەر تەختێک دادەنیشێ. بەڕاستیش هێندەی پێ ناچێ سەروسەکوتی "تانات" دەردەکەوێ و هەر چاوی بە سیزیف دەکەوێ لەسەر تەختی ئابنووس پاڵی داوەتەوە، لەخۆشیان لە قاقای پێکەنین دەدا و بەپەلە بەرەو سیزیف ڕا دەکا. بەڵام پێش گەیشتنی بە نێچیرەکەی، چاڵە داپۆشراوەکە زارکی بۆ دەکاتەوە و جەستەی "تانات"ی دەغەڵبازی فریوکار، هەڵدەلووشی. "تانات" هاواری لێ بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو و "تانات" کەوتبووە نێو داو و ڕێگەی هەڵاتنی نەمابوو.

سیزیف دڵخۆش بە ئاکامی ئەو چارەسەرییە، فەرمان دەدا بەردێک بخەنە سەر چاڵەکە و "مەرگ"، نێچیرڤانی مرۆڤ، بۆ هەمیشە لە قوڵایی چاڵدا بەند بکەن.

لەو ڕۆژگارەوە کە مرۆڤ لەسەر ئاخی زەوی لە جووڵەدایە و بووەتە ڕێبواری ڕێگەی پێچاوپێچی ژیانی دژوار و پەیجووری ڕووناکی و بەختەوەرییە، هەرگیز بۆیەرێکی ئەوسا ڕووی نەدابوو. بڕوانە! لە کاتێکدا شادی لە لووتکەدایە، بڵێسەی ئارەزووەکان بەرز و بەرزتر دەبێتەوە و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هەرمان و سەرخۆش لە ژین و ژیانی، خەریکە بێ منەتانە گەمە بە یەکە یەکەی پێشهاتەکان دەکات و ئامادەیە تەنانەت واتای نەمان لە کتێبی ژیانی جیهاندا بسڕێتەوە، مەرگ لەناکاو هەڵدەکوتێتە سەر مەنزڵگەکەی... بەڵێ! سەروسەکوتی میوانێکی نەخوازراو دەردەکەوێ، بە عەبایەکی ڕەشی پەشمینە، بە قژێکی ئاڵۆز و ڕەشی وەک شەبەق، ئەو لووت نەقیزەیە، بەو چڕونێوچاوانە هەمیشە توڕەیەی، گەرەکێتی بە شەنە گیانهەستێنەکەی دەستییەوە، لە دەفەی لەرزۆکی سینگی خورپین، مەلی خوێناوی گیان دەر بکێشێ و نێچیرەکەی لە وڵاتی نوور و ڕووناکی ڕاپێچی مەملەکەتی ساگات بکات. هیچ شتێک لە هۆزانی ژیان پاراوتر و دڵڕفێنتر نییە، بەڵام مەرگ نەک کۆتایی بەو هۆزانە دێنێ، بگرە دەیکا بە هەجوێکی پووچەڵ، ئەنەما ڕێژاوێکی ڕوون و زوڵاڵ یرژێتە نێو زڵکاوێکی ڕەشی وەک قیر، واتە گۆرانی و گۆوەند بە نووزەیەکی ترسناک دەپووکێتەوە.

ئێستا کە "تانات" لەچاڵدایە و یەخسیری سیزیفە، بۆیەرێکی سەیر و سەمەرە ڕوودەدا کە پێشتر بیرلێکردنەوەی شێتانە بوو؛ ئێستا چیتر مەرگ بەتارمایی و لەناکاو هەڵی نەدەکوتایە سەر سفرەی حازروبزری پڕ لە تفاق و شەڕاب، و چیتر دەمێک بەساڵاچوویەک و دەمێک ساوایەکی نەدەدزی. ئیتر خەڵکان لە مردن واز دێنن، چیتر شیوەن نابیسرێ، چیتر ناشتنی پڕ لە لاڵانەوە و پاڕانەوە بەڕێوە ناچێ. ئاخر مەرگ بنەبڕ ببوو؛ ترسیش، ئەو زۆردارەی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ، هاقاڵ و هاوڕێی بووە، وازی لێ دێنێ. بەڵێ! دڵەخورپەی ترسنووکانە کە ڕاوێژ دەگۆڕێ بە پرتەوبۆڵە، تکا دەکا بە پاڕانەوە، زانست دەکا بە هەڵەت و پەڵەت، هزر و ئاوەز دەکا بە داڵگەی ڕیاکاری، و دەبێتە تێزاوی گیان و دەڕژێتە گەرداوی هەناو، بزر و تووونا دەبێ. مرۆڤ ترسی خوداوەندانی نامێنێ و لە ئازار و جەزرەبەیان ڕزگار دەبێ، چیتر کەس ناچێتە پەرستگەکان، قوربانی ناکەن، لێیان ناپاڕێنەوە؛ ئیتر زنجیرەکانی دین هەڵ دەپچڕێن و گشت مرۆڤەکان، بەتێکرایی و بەوپەڕی هێزیانەوە پەتکی ژیان لە چنگار دەگرن.

لەو سەروبەندەدا، خوداوەندان کە لە سایەی ڕزق و خێر و خێرات دەژیان، برسێتی هرووژمیان بۆ دێنێ؛ "ئامبرۆزیا" و "نێکتار"[9] لە قورغیاندا، دەبێ بە ژەهر و ژۆڵ. بە ئاواتی لەپکێک گۆشت و پەنجەیەک نان فرمێسک هەڵدەڕێژن. ئەو مشەخۆرە بێکارانە کە تەنیا لە سایەسەری مرۆڤەکان دەژیان و تەنێ لە ستەمکاری و زۆرداری و دەبەنگ پەروەریدا مامۆستا بوون، ئێستا بوونەتە بوونەوەرێکی پەست و چڵێس و قێزەون و بۆ پاروویەک نان کەوتوونەتە پاڕانەوە و شەوگاریان بە لێستنەوەی میحراب و پەرستگاکان تێپەڕ دەکەن و ئیتر هیچ نیشانێک لە "فەدیە" و قوربانی لە دەوروبەریاندا شک نابەن.

ئاخر لە سەرتاسەری ئاخی زەمیندا، دەبینین کە ئەو ماڵ و سامانەی کە دەڕژا نێو گیرفانی کۆن و دڕاو و لەبۆ خزمەتکارانی پەرستگەکان تەرخان دەکرا و ڕووناکی دەدا بە پەرستگاکان، ئێستا ئیتر لە ڕێڕەوی بەختەوەری گەلدا پار دەکرێ. هزر و ئاوەزە پەرە

[9] ئامبرۆزیا، خۆراک و نێکتار، خواردنەوەی خودایانی یۆنانی کەونار بووە [Nektar, Ambrosia.-و].

دەستێنێ. ئاڵای شەڕ سەرنخوون دەبێ. دوژمنایەتی کەوناری هۆز و خێڵەکان خامۆش دەبێ. شەقامەکانی "ئاسینا" و "تیبە" و "سپارتا" و "کۆرینت" جمەی دێ لە ئاپۆرەی خەڵکانی سەرزیندوو و هەڤیدار. خۆبەخشی و جوامێری، مێهرەبانی و لێبووردەیی جێگە بە ئیرەیی و بەخیلی و سپڵەیی لێژ دەکا. مرۆڤ، هەست بە مرۆڤبوونی خۆی و مرۆڤایەتی دەکات.

ئەو دۆخە بۆ "زیووس"، خوداوەندی خودایان، خودای برووسک هەژێنی "ئۆلیمپ"، ئاسایی نەبوو و لە مێشکیدا نەدەگونجا کە گوڵستانی ژیانی مرۆڤ بێ پایز بێ، خوداوەندان ترسیان لێ نیشت کە چیتر دەفری پڕ گۆشتی قوربانی پێشکەشیان نەکرێ و دان و ڕووەکە بۆن خۆشەکان لە پەرستگاکاندا نەسووتێندرێن و پارێزەرانی پەیکەری "ئاپۆلۆن" بکەونە پیسی، چیتر شەڕێک ڕوو نەدا و "ئارس"[10] خوداوەندی جەنگ بێکار بێت و دووکانی"ئایید"ی برای، خوداوەندی ژێر زەوی لە جمە بکەوێ. "زیووس" تووشی سەرلێشێواویی دەبێ، بەوپەڕی توورەیی و کینەوە، بیر لە چارەسەری دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "ئەگەر بەندە بە سەربەستی بژی و زەمین خۆی بگەیەنێتە ئاسمان و مرۆڤ ببێ بە خوداوەند، ئیتر فەلسەفەی خوداوەندگاری پووچەڵ دەبێتەوە. نەخێر! دەبێ هەرچی زووتر و هەرچی خێراتر چارەیەک بدۆزرێتەوە!". بۆیە گۆچانی گەوهەرباری خوداوەندی لە چنگی دەگرێ و دەربازی بارەگای "ئارس"ی ئاژاوەگێر و خوێنمژ، خوداوەندی شەڕ دەبێ، دەبینێ "ئارس" لە بازنەی هەڤالانی خۆیدا، خوداوەندانی "ترس" و "دووبەرەکی" و "ماتەمی" ("ئێریدا"، "ئێریس"، "دیمووس") دانیشتووە و لە دنیای بیرکردنەوەدا نقووم بووەتەوە.

زیووس دەگورێنێ: "هۆ "ئارس"، چما تۆترەت گرتووە، کووا دلێریی و بێباکییەکانت، کووا دڵڕەقی و خوێنڕشتنەکانت؟ "تانات" بەندکراوە، سیزیف سەرخۆش و تۆ خامۆشی؟ ئەو داماوییەت لە پەژارییە یان لە بێ مشووریتە... ڕابە، خێرا "تانات"، خزمتکارە بەوەفاکەت ڕزگار بکە. ئەوەتا ژیان قوولە دەکا، فریای مەرگ بکەوە!".

"ئارس" ڕاست دەبێتەوە و لە بەرپێ زیووس، خوداوەندی خودایان و تێکشکێنەری "کرۆنۆس" (خودای زەمان) کوێخای "ئۆلیمپ"، کڕنۆش دەکا و دەڵێ: "هەتا ئێستا دڵەڕاوکێی ئەوەم هەبوو کە باوکی گیانی گیانیم و خاوەن ئاسمانەکان، چارێکی دیکەی بۆ ئەم کارەساتە پێیە، مادام منت بۆ ئەو ئەرکە پێ شایستەیە، ئەزبەنی ملکەچی فەرمانتم". کەوابوو خێرا قەلەمبازی "پیگاسۆس"، هەسپی باڵدار دەبێ و لەتەک "ترس" و "دووبەرەکی" و "ماتەمی" بەرەو شاری "کۆرینت"، کەون و مەکان تێپەڕ دەکەن و ڕێک لەسەر ئەو چاڵەی کە "تانات" شیوەنی دەگێرا، دادەتەپن. لە بەختی "ئارس"، ئێشکچییەکانی "سیزیف" لە سەر چاڵەکە، یان خەوتبوون و یان خەریکی ڕابواردن و خواردنەوە بوون. تا ئەو کاتی "تانات" گەلێک جار هەوڵی دابوو بە چنگ و ددان دیواری چاڵەکە بکۆڵی تاکوو وەسەر کەوێ و خۆی ڕزگار بکات، بەڵام هەر جار پەلک و پێی خزیبوو و دیسان تلووری تەختی چاڵاوەکە ببووەوە و ئیتر بە جەستە و سەروسەکوتی خوێناوییەوە هیوای ڕزگاربوونی بۆ نەمابوو و پەیتا پەیتا دەینووزاند: "هۆ مرۆڤەکان ئەوە شاد و شادمانن؟ هەی لەمنتان کەوێ، ئەگەر چنگم دەگاتە بەژن و باڵاتان، جا ئەو جارە دەزانم چتان بەسر بێنم و وەها کۆڵەوارتان بکەم لە چوار سووچی جیهاندا دەنگ بداتەوە. منی جەللادی خوداوەندان، ئەوە ماوەیەکە ڕەنجەڕۆ و داماو لەم چاڵەدا گرفتارم، بەڵام ئەگەر دیسان هەلم دەستکەوێ، بەتۆڵەی ئەو بەسەرهاتەم، بن و بنەچەکەی هەرچی مرۆڤە لەسەر ڕووی زەویدا تەرت و توونا دەکەم". "تانات" لەو خوولیایەدا بوو کە لە ناکاو دەنگی "ئارس" دەبیسێ: "هۆ تانات! ئەوە منم خوداوەندی جەنگ، وەی لەو ڕۆژگارە تاڵ و پڕ لە شوورەییە! چۆن دەکارم ببینم مەرگ لە بەند و ژیان لە خۆشی و بەختەوەریدا بێ؟ خێرا بە! وەرە بۆ یارمەتیم، با بە شەپۆلی خوێن بازێرەکانی یۆنان بشڵەقێنین". پاشان گوریسێک بۆ نێو چاڵەکە شۆڕ دەکاتەوە و "تانات" چالاکانە و بە تامەزرۆ لە چنگ و ئامێزی دەگرێ و بەچستی

[10] هەمان "مارس"ە. – و.

لە چاڵەکە سەر دەکەوێ و هەر دەگاتە سەر زەوی بە قاقایەکی ترسناک دەستبەجێ هەڵدەکوتێتە سەر ئێشکچییەکانی لەخەو ڕاپەڕێو و لە ژیان بێ بەشیان دەکا و دەڵێ: "پاش ئەو ماوە بێ بازاڕییە، با ئەوە یەکەم دیاری بێ بۆ ئاپید". "ئارس" دەگوڕێنی: "خۆ گنخاندن ڕەوا نییە، بەپەلە خۆت بگەیەنە سەر سیزیفی فێڵەباز، و ڕووحی هەڵ لۆشە. نەکا دیسان بەفرت و فێڵ لە داوی بکەوی".

"تانات" دەڵێ: "خەم ناکا، "مەرگ" لە زۆرەڤانی دەگەڵ ژیاندا پڕ ڕاهاتووە و چیتر لە داو ناکەوێ". بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە کۆشکی سیزیف و دەچێتە نێو ژوورەکەی و لە غەرابی خەودا ئەو میرە لە ژیان بێ بەش دەکا و بە سەرساخی خوداوەندی خودایان، ڕاپێچی وڵاتی تاریکی و ساگاتی دەکات. پاشان بە نەڕەنەڕی ترسناکەوە بەسەر شاری "کۆرینت"دا دەفڕێ و ڕیشاڵی تەمەنەکان هەڵدەکەنێ. ئیتر هیچ  سووچێک نامێنێ شیوەن و بانگی باوەکەنەڕۆ نەیگرێتەوە. گۆڕهەڵکەن و مەیتشۆر دەکار دەکەون. گوڵستان خامۆش و گۆڕستان جمەی دێ. لەنێوان "سپاڕتا" و "ئاسینا"، "ئاسینا" و "تیبە"، "تیبە" و "کۆرینت"، "کۆرینت" و "میکنێس"، "میکنێس" و "میلیتۆس"[11]، "میلیتۆس" و "ئێفێسۆس"[12]، "ئێفێسۆس" و "سیراکۆس". "سیراکۆس" و "کارتاژ" شەڕ دەست پێدەکات. خوێن بەلێشاو دەڕژێ و دەشت و دەوەن پڕ دەبێ لە مەیتی کوژراوان.

"خارۆن"ی پیر (مەیتبەری تاریکەوڵات) هیلاک ببوو، پێ ڕانەدەگەیشت بەلەمە پڕ لە مەیتەکان بە چەمی "ئاکرۆن"دا بەرێتە بارەگای حاکم "ڕادمانتۆس" (دادوەری دۆزەخ)، ئەویش پەپتا پەیتا وەها بەتێرادیویی هەرچی سزای ترسناکی بە مێشک دەگەیشت بەسەر خێڵی بێتواناندا پاری دەکرد کە هێندی نەمابووە لەو هەموو شەرمەزارییە، خۆی نووقمی ڕەشاوی ڕووباری "ستیکس" بکات!

"هێلێن" هاوژینی سیزیف، ژنێکی هەتا بلێی دانا و زانا بوو، کاتێک لە مەرگی شوومی هاوسەری ئاگادار بووەوە، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خوداوەندان، نەک فرمێسکی هەڵنەڕشت و پرسە و سەرەخۆشی بۆ ساز نەدا، بەڵکوو وەبیری هاتەوە کە سیزیف لە کاتی ژیانیدا دەیان جار پێی گووتبوو ئەگەر هاتووە گیانی شیرینی کەوتە ژێر پەنجەکانی "تانات" و ناخی بە ژەهری نەمان ئالوودە کرا، لە فلانە و فیسارە کونجێکدا تۆماری دوایین ڕاسپاردەکانی شاردووەتەوە، گورج تۆمارەکە دەدۆزێتەوە و ڕاسپاردەکەی سیزیف دەخوێنێتەوە: "ئەی هاوژینی مێهرەبانم! پاش مەرگی هاوسەرەکەت، بۆ ئەو کردەوە ستمکارانەی خوداوەندان، مەگری. پێی ناوێ بۆ ناشتنم هیچ ڕێورەسمێک ساز بدەی، نە قوربانی، نە نەزر و نە خێر و خێرات! با خوداوەندانی چاوچنۆک لە داخان بتەقن و تێبگەن کە تەنانەت بە مەرگ و تاریکیش من دەستەمۆیان نابم".

بۆیە "هێلێن" بە پێچەوانەی ویست و خواستی خوداوەندانی نگریس، پرسەومرسە ناگێڕێ. دانیشتوانی "کۆرینت"یش هەر ئەو دەستوورە ڕەچاو دەکەن و کەس قوربانی ناکا و کەسیش "فەدیە" نادا، دووکانی خودایانی ژێر زەمین تەختە دەبێ. چێتر لە سەر گۆڕەکان هەڵوا و شەڕاب و خواردەمەنی دانانرێ، کۆگاڤانی مەملەکەتی تاریکی سکاڵا بۆ "ئاپید" ژنە شەڕەنگیزەکەی "پێسیفۆنە"، بەرزدەکاتەوە کە گوایە پاشکۆی دۆزەخ بەرەو نەمان دەچێ و چیتر هەناردەی دنیا، بە دەستیان ناگات و لە ئان و ساتدایە قاتی و قڕی چنگی بەسەر وڵاتیاندا دابگرێ و داوا دەکات هەرچی خێراتر دەبێ چارەیەک بدۆزنەوە. بەڕاستیش نیشانەکانی قاتی و قڕی دەرکەوتبوون. بەتایبەت کاتێک بەزم و خوانیان لە کزی و پیسی دابوو، "ئاپید" و "پێسیفۆنە" پەرێشان ببوون و هەستیان بە مەترسی کردبوو. هاوکات "سیزیف" ڕێگەی پێدەدرێ بچێتە بارەگای کوێخای وڵاتی مەرگ و داوای لێ دەکات: "ئەی سوڵتانی ڕووح و ڕەوانی مردووەکان، ئەی سەرچاوەی ترس و خۆفی زیندووەکان، هاوسەری سەرکەشم هێلێن، داێکی ناحەزی داناوە و پێشی بە قوربانی کردن و "فەدیە"

---

[11] میلیتۆس یان میلیت.- و.

[12] "ئێفێسۆس" یان "ئێفس".- و.

بۆ خوداوەندان گرتووە، ڕێگەم پێ بدە تەنیا بۆ چەند ساتێک بگەڕێمەوە دنیای ڕووناکی و ئەو کاڵفام و مێشک پووکە تێبگەیەنم کە هێندێک بەزەیی بە چارەڕەشی شووەکەی دابێ و دەست لەو گوناحە مەزنە و کفرە ئاشکرایە هەڵگرێ و هەموو مێگەلەکانم بۆ "ئایید" و "پێسیفۆنە" قوربانی بکات!".

کە باسی مێگەلەکان هاتە گۆڕێ، ئاویلکە لە لێو و لرچی "ئایید" و ژنەکەی شۆڕبووەوە و پاش ڕاوێژێک دەگەڵ یەکتر، "سیزیف"یان تێگەیاند کە: "ڕێگەت پێدەدرێ بۆ چەند ساتێک بگەڕێیەوە وڵاتی خۆر و ڕووناکی و ڕێگەی ڕاست بە هاوسەرەکەت پێشان بدەی، بەڵام سەگ بە حاڵت ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانەکانمان بکەی!". "سیزیف" بە پێکەنینەوە دەڵێ: "فەرمانتان لەسەر سەرم" و گەڕایەوە سەر زەوی. "تانات" بە بیستنی ئەو هەواڵە گەلێک تێکچوو و هەزار تووک و نفرینی بۆ خوداوەندانی وڵاتی تاریکی دەنارد. هاواری دەکرد، ئەو هەرزەکار و کاڵفامە نەوسن و چڵێسانە، وادیارە فریوی ئەو کابرا فێڵەبازەیان خواردووە و هەرچی ڕێستبووم کردیانەوە بە خوری.

بەڵام "سیزیف" هەر پێی گەیشتە سەر وڵاتی ڕووناکی و ژیان، سیخورمەی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و گووتی: "هۆ دانیشتوانی پڕ لە قین و کینی "ئۆلیمپ"، ئەرێ ئەوە جێی داخ و دەرد نییە مرۆڤ لەم بەهەشتە دڵڕفێنەی تەمەنی دەر دەکەن و لەو خۆرە زێڕینە و ئاوی زوڵاڵ و شنەبای فێنک و دڵڕەوێن و سەیوانی دار و درەخت و شەونەمی سەوزەزار و گوڵ و گوڵزاری بۆن خۆش بێ بەش دەکەن؟ حەیف نییە دەروازەی خۆشەویستی و شادی و هیوا و بیرمەندی و کار و تێکۆشانیان لێ دادەخەن؟ هەتا هەتایە بەنفرین بن، ئاواتەخوازم ڕۆژێک لە ڕۆژان خوداوەندی چارەسەریی و چارەسازیی کە لە ئیوە بەهێزترە، دەم و دەزگاتان بپێچێتەوە...". "سیزیف" پاش ئەو دەربڕینی، بەرەو شاری "کۆرینت" وەڕی دەکەوێ. لە نێو خەڵکی شاردا زۆر زوو هەواڵی سەرسووڕهێنەری گەڕانەوەی میری شارەکەیان لە وڵاتی تاریکی و نەمانییەوە، بڵاو دەبێتەوە.

جا وەرە، چوار سووچی شار دەڕازێنەوە، کیژۆڵە تاجەگوڵینە بەسەرەکان و لاوانی بەربەت ژەن، سروودی هەرمانی و شادیمانی لە گوێی شاردا دەچڕن. پاش هێرشە مەرگهێنەر و دڵتەزێنەکەی "تانات" بۆ شار، ئەوە یەکەم جار بوو زەردە خەنەی هیوابەخشی شادی، ڕوخساری خەڵکی شاری دەڕازاندەوە.

لەم نێوەدا، "سیزیف" زۆر باش دەیزانی کە خوداوەندان هەر وا لێی خۆش نابن و بەتاوانی خۆشەویستی ژین و ژیان، ترسناکترین سزای بەسەردا دەسەپێنن، مخابن ترسی لەو چارەڕەشییە نەبوو و بڕیاری دا هەتا بۆی هەڵدەکەوی لە بەرهەمی ژیان چێژ وەربگرێ و تا توانای هەیە پەرەی پێ بدات. بۆیە گۆوەندێکی ناوازە و مەزن ڕێک دەخات. کۆمەڵانی خەڵکی نەک لە "پێلۆپۆنیسوو"، بگرە لە "پەرکەنە"[13] و وڵاتانی دیکەی جیهانیشەوە بەپیرێەوە دێن. "سیزیف"ی دلێر و ئازا لەنێو ئاپۆرەی میوانەکاندا ڕادەبێ و دەڵێ: "ئەی دانیشتووانی جیهان، ئاگادارن کە "تانات"ی تووڕە، گیانی لێم ئەستاند و بە هەزاران ڕەنج و ئازار، سێبەری منی ڕاپێچی تاریکستان کرد، بەڵام توانیم بەفرتوفێڵ، لە وڵاتی ئازار و ئەشکەنجە خۆم ڕزگار بکەم. دیارە من دوایین کەس نابم ڕێگەی ژیانی بەرەو مەرگ بڕیبێ، بەڵام من یەکەم کەسم بوومە ڕێبواری ڕێگەی گەڕانەوە لە مەرگ بەرەو ژیان. بۆیەری سەیر و سەمەرەم لەو وڵاتە ترسناکەدا دیوە، هەر لە ڕووباری "ستیکس"ەوە بگرە کە بە یەکەم بەرکەوتنی شەپۆلەکانی، جەستەت یەکپارچە سەهۆڵ دایدەگرێ، کانیاوی "لێتە" کە خواردنەوەی دڵۆپێک لە ئاوەکەی بۆ هەمیشە هەرچی بیرەوەییە دەیسڕێتەوە، یان باسی دێوەزمەی "ئێمپووس"تان بۆ بکەم کە هەر بە مۆرەیەکی، دەبوورێیەوە، یان فریشتەی "هیپنۆس" کە خڕنەی هەناسەکەی، دەخەوت دەکا، "تیفۆئێس"، هەژدیهای سەد سەر و "کێربێرۆ"، سەگی سێ سەر... چیتان بۆ بڵێم لە چاڵی سامناکی "تارتار"[14] کە قووڵایی و

---

[13] بەشێک لە وڵاتی هیند بووە. - و.
[14] یان "تارتارۆس". - و.

تاریکییەکەی لە مێشکدا ناگونجێ و کانگای چەپەڵی و پیسیی و بەدکارییە، یان باسی دێوزمە خۆفناکەکان و جنووکە باڵدارەکانتان بۆ بکەم، یان لە چارەنووسی سیبەرە مردووەکان کە هەر کامیان لە ڕەنجەڕۆیی و بی دەرەتانیدا بە هەزاران ئازار و ئەشکەنجە گرفتار کراون ... ئەی کۆمەڵانی خەڵک! بزانن کە زیووس، باشترین و بژاردەترین پیاوان و ژنانی گرفتاری ئازارە جۆربەجۆرەکان کردووە و بە بچووکترین بەهانە و بە بێ هیچ تاوانێک ڕاپێچی وڵاتی ئازارەکانیان دەکات. بزانن کە هیچ شتێک لە ژیان و ژین خۆشتر نییە و هیچ کەسیش لە زیووس چەپەڵتر و دوژمنکارتر نییە، مەگەر ئەو "زیووس"ە، "پرۆمتە"ی بەتاوانی خزمەتکردن بە مرۆڤ لە چوارمێخ نەدا و دڵ و هەناوی نەکردە خۆراکی داڵەکان؟ چما ئیرەیی بە پاڵەوانێتی و جوامێریی مرۆڤ دەبا و بۆ تێرکردنی ورگی لێهاتوو و تێراوکردنی هاشوهۆشی تاقمی مشەخۆری دەوروبەری، مرۆڤی تووشی ئەو هەموو کارەساتە کردووە. ئەی خەڵکینە! دەبا سەرکەوێ ژیان و ژین لەم جیهانە و تەرت و توونا بێ "ئۆلیمپ" و کۆشکەکانی، نابوود بێ پیرۆزییە ئاسمانییەکانی و بوونەوەرانی وڵاتی تاریکستان. بۆ پێشەوە لەپێناو ژین و ژیان، با هەموومان ڕابین لە دژی مەرگ و نەمان!".

لەناکاو قاقایەکی دڵهەژێن دڵ و دەروونی میوانەکان دەهەژێنێ. بەڵێ ئەوە دیسان "تانات"ە کە بە ڕوخسارە گرگرتوو و خۆفناکەکەی وەنێو کەلوپەلە زێرین و زێوینەکانی خوانی گۆوەندەکە دەکەوێ و بە شەنە گیانهەستێنەکەی هەڵدەکوتێتە سەر "سیزیف"ی دادپەروەر و ڕووحی هەڵدەکێشێ و بە قاقایەکی شێتانە خێرا ون دەبێ. جەستەی بێ گیانی "سیزیف" لەسەر تەختی گەوهەرنیشان دادەکەوێ و گۆوەندی شکۆمەندی شادی دەبێتە کۆڕی فرمێسک و هەناسە ساردی.

ئەم جارە ئیتر "سیزیف" بۆ هەمێشە دابەستەی وڵاتی ساگات دەکرێ و خوداوەندانی قینلەدڵی دانیشتووی ئاسمان و ژێرزەمین، بەتاوانی خۆشەویستی ژیان و مرۆڤ و تووک و نفرینە ئاڕاستەکراوەکانی بۆ هێزی نگریسی خوداوەندان، سزایەکی پڕ لە ئازار و گیان پڕووکێنی بۆ دیاری دەکەن.

ئەوە ساڵیانی ساڵە "سیزیف" کۆیلەی خوداوەندانە و دەبێ گاشە بەردێک بتلێنێتەوە بۆ لووتکەی چیا. ئارەقەی سارد، وەک گلێرە لە سەر و ڕووی دەبارە، جەستەی لاواز بووە و هێدی هێدی دەپووکێتەوە. دوو لینگی چەماوەی، چیتر لەدوای نایەن. خوورپەی دڵی ڕاوستانی نییە. چاوەکانی دەرپەڕیون. هێندی نەماوە، ئان و ساتە بگاتە لووتکە، کۆتایی ڕەنج و ئازارەکانی زۆر نزیکن، بەڵام لێرەدا گاشە بەرد بەفەرمانی خوداوەندان لە دەستی دەردەچێ و بەرەو قووڵایی دۆڵەباریکەی ئازار و هیوا خلۆر دەبێتەوە و گێژەڵووکێک لە تۆزوخۆڵ جێ دەهێڵێ. "سیزیف" بەرۆکی گاشە سەرکەشەکە بەرنادا و دیسان بەرەو لووتکەی هیوا و ئارەزوو، دەیتلێنێتەوە، مخابن دیسان لەژێر چنگی دەردەچێ و داخ لەسەر دڵی "سیزیف" دەچێنێ. بەڵێ! ئەو کارە پڕ ئازار و بێهوودەیە، سزای خوداوەندانە بۆ "سیزیف"ی سەرخۆش بە ژیانی شیرین و دڵڕفێن.

ئەی "سیزیف"ی چاو بەفرمێسکی پەلخوێناوی دڵسووتاو! دڵنیابە سەرەڕای ویستی "زیووس"ەکان و "ئایید"ەکان، ژیان و مرۆڤ سەر دەکەون، زنجیرەکانی دەست و پێی "پرۆمتە" دەپچڕێن، "ئۆلیمپ"ی خودایانیش لە "تارتار"دا نووقم دەبێ.

*******

- سەرچاوە: احسان طبری، سفر جادو (مجموعه داستانهای کوتاه افسانەیی)، ١٣٩١، انتشارات حزب توده ایران.